

## لە گەشتەکانت بێ گرفت فیلم هەڵبگرەوە

چەند ساڵێك دەبێت کامێرای تایبەت بە ئۆتۆمبیل بەرهەم هاتوون، هەرچەندە هێشتا گشتگیر نەبوونە، کامێرای ئۆتۆمبیل وەك هەموو کامێرای دیکە ئەرکی فیلم و وێنە هەڵگرتنەوەی هەیە، بەڵام فیلم لەکاتێکدا هەڵدەگرێتەوە کە ئۆتۆمبیلە لە جوڵەدایە، بۆ نموونە تۆ گەشتێك دەکەی پێویست ناکات کەسێك فیلمی گەشتەکە هەڵبگرێتەوە، بەڵکو کامێراکە لە جامی ئۆتۆمبیل دەخرێت و فیلم هەڵدەگرێتەوە بەبێ ئەوەی جوڵەی ئۆتۆمبیل کاریگەری لەسەر کوالیتی هەبێت..

کامێرای جۆری Waylens horzon یەکێکە لە کامێرا سەرکەوتووەکان کە لە پێشەوەی ئۆتۆمبێل دەخرێت و دەتوانی بەبێ گرفت لە گەشتەکان فیلم هەڵبگرێتەوە. نەك تەنیا فیلم بەڵکو تایبەتمەندی دیکەشی هەیە وەك خێرایی، دیاریکردنی شوێنی جوگرافی، جگە لەوەش دەتوانرێ فیلم و وێنەکان هەر ئەوکات لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بکەیەوە.

## پرینتەری پورتێبڵ

پرینتەرە پورتێبڵەکان واتە ئەوانەی قەوارەیان هەر بەقەد مۆبایلێك دەبێت و دەخرێنە گیرفانەوە و زیاتریش تایبەتن بە مۆبایل زۆر لەمێژ نییە لە بازاڕدا جێگای خۆیان کردۆتەوە.. کۆمپانیای HP ماوەیەکە پرینتەرێکی بچووکی خستۆتە بازاڕەوە کە دەتوانێ وێنەکان بە کوالیتی بەرز چاپ بکات، پرینتەرەکە بە sprocket ناسراوە. قەوارەکەی ١١,٥ س.م، لە ٧,٥ س.م دایە هەر بۆیە بەبێ گرفت لە گیرفان دەخرێت. پرینتەرەکە لە ڕێگای بلوتوسەوە بە موبایل یا تەبلێت پەیوەند دەدرێت.





# سویچ نوێترین کۆنسۆلی یاری

زیاتر لە ساڵ و نیوێك لەمەوبەر کۆمپانیای نینتندۆ هەواڵی بڵاوکردنەوەی ئامێرێکی نوێی گەمەکردنی بڵاوکردەوە، بەڵام ئێستاکە بە فەرمی ئامێری «نینتندۆ سویچ» خستەڕوو. ئامێری Switch لە بواری دیزاینەوە سەرنج راکێشە. شاشەیەکی ٧ ئینجی لەگەڵدایە وا دیارە لە تەلەڤزیۆن و شاشەی دیکەش پەیوەند دەدرێت، ئامێرەکە پورتێبڵە و دەتوانی بۆ گەشت و گەڕانیش لەگەڵ خۆتی بەری. لەگەڵ ئەوەشدا دەسکی گەمەی تایبەتی لەگەڵدایە.

## جێ سویچێکی جۆکەر و هەمەکارە



لەو مانشێتەی سەرەوە رەنگە پرسیارێك بکەن بڵێن چی نەمابوو هەتا ئەڵقەیەك کە سویچ و کلیلەکانی تێدەخرێ ببێتە سمارت و هۆشمەند! جا جێ سویچ سمارتی بۆ چییە؟ بەڵێ جێ سویچی سمارتیش هاتۆتە بەرهەم. TiBe connect ئامێرێکە کە لەسەرەتادا لە جێ سویچە ئاساییانە دەچێت، ئەڵقەیەك کە کلیلەکانی تێدەخرێن. بەڵام گرنگی ئەو سویچە لەوەدایە کە هیچ کاتێك سویچەکانت ون نابن. چونکە لە رێگای بلوتوسەوە لە گەڵ مۆبایل لە پەیوەندی دادەبێ و هەرکە ون بوون دوگمەیەك لێبدە تاکو دەست بکات بە جەرەس لێدان. ئەرکەکانی جێ سویچی ناوبراو هەر ئەوە نییە، بەڵکو بە داگرتنی دوگمەیەك دەتوانێ وێنەیەکی سێلفی بگری. نەك هەر ئەوە بەڵکو دەتوانی بەهۆیەوە گلۆپەکانیماڵەوە هەڵبکەی یان بە دوو جار داگرتن ئامێری چالێنەری کارەبایی پێبکەی.




## کامێرایەکی پێشکەوتوو و دیمەنی زۆر جیاواز

کامێرای جۆری panacast یەکەمین کامێرای فیلم هەڵگرتنەوەی جیهانە کە دەتوانێت وێنەی پانۆرامایی واتە هەرچوارلایی بە کوالیتی ٤k بگرێت.

کامێراکە سێ عەدەسە (لێنز)ی هەیە وێنەکان بە شێوازێکی ئاڵۆز تێکەڵ بەیەك دەبن لە تێکەڵکردنی وێنەکان وێنەیەك دروست دەبێ وەك ئەو دیمەنەی کە مرۆڤ بە چاو دەیبینێ. مایکەکانی کامێراکە کوالیتیان بەرزە. دەنگە زیادییەکان ناهێڵن. کامێراکە پێویستی بە پرۆگرامی تایبەت نییە و خۆی لەگەڵ پرۆگرامەکانی سکایپ و هاوشێوەکانی دەگونجێت و بۆ ئەرکی سیمیناری ئینتەرنێتی زۆر گونجاوە.

# باوەشی سمارت بۆ کورپەکان




کە مانشێتەکەی سەرەوە دەخوێننەوە دڵنیابن بە هەڵە نەنووسراوە، بەڵێ باوەشی یان ئامێزی هۆشمەند بۆ ساوایان.. ئەو ئامێرەی دەیبینن پێی دەگوترێ Dr.macaron هی کۆمپانیای سامسۆنگە، ئەرکی ئەو ئەوەیە کە پێت بڵێت چۆن منداڵەکەت بەشێوەیەکی دروست لە ئامێز بگری، دکتۆرە دیجیتالییەکە پێیوایە ساوایەکان بۆیە دەگرین چونکە نازانن بەشێوەی دروست منداڵ




# وایت بۆردی گوگل و ئەرکەکانی

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی هەشتاکانیش دەماندیت لە قوتابخانەکان لە بری وایت بۆرد (تەختەی سپی) تەختە رەشە هەبوو کە بە پارچە گەچێکی تایبەت لەسەری دەنووسرا.. گەلێك شیعر و نووسینیش لەسەر ئەم تەختەرەشەیە لە هەموو شوێنێکی جیهان نووسراون.. دوای ئەوەی تەختەرەشە (بلاك بۆرد) شوێنی خۆی دا بە تەختە سپی (وایت بۆرد)، ئێستا ئەو تەختەسپییەش باوی نامێنی و تەختەیەکی دیجیتالی سمارت شوێنی دەگرێتەوە.. بۆ نموونە تەختەی jamboard کە لەلایەن کۆمپانیای گوگلەوە بەرهەم هاتووە، شاشەیەکی ٥٥ ئینجییە و بە ئینتەرنێت بەستراوەتەوە، بەکارهێنەران دەتوانن زانیارییەکانی خۆیان لە هەر شوێنێك بێت لە ڕێگای ئەم وایت بۆردەوە شێر (هاوبەش) بکەن.. بەکارهێنەر دەتوانێت وێنە و فایلەکانی پی دی ئێف لەسەر شاشەکە نیشان بدات، هەروەها توانای ناردنی راستەوخۆی فایلەکانی بۆ گوگل درایف هەیە. هەر زانیارییەك لەسەر وایت بۆردەکە هەبێت لە ئینتەرنێتدا هەڵدەگیردرێت.

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت من بە وێبگەڕی گوگل کرۆم (google chrome)سایتەکان دەکەمەوە، حەز ناکەم ئەوانەی دوای من دێنە سەر کۆمپیوتەرەکەم بزانن من چ سایتێکم کردۆتەوە بۆ ئەو مەبەستە دەبێ چ بکەم تا کەس نەزانێ من چ سایتێکم کردۆتەوە؟**

بەڕێز، سەرەتا دوگمەی ctrl+H دابگرە، ئەوکات پەنجەرەی history دەکرێتەوە، لەو بەشەدا دەتوانی شوێن پێی خۆت لەسەر ئینتەرنێت بۆ ماوەی یەك کاتژمێر هەتا یەك مانگ و هەتا هەتایەش بسڕیەوە. ئاگادار بە هەندێك سایت وەك فەیسبووك و یاهوو ئەوانە بۆ ئەوەی کە هەموو جارێ پاسۆرد لێنەدەیەوە، بەشی پاسۆرد مەسڕەوە... کێشەکەت چارەسەر دەبێت..




هەڵبگرن.. کێشەی سەرەکی هەڵگرتنی منداڵ ئەوەیە کە کێشی منداڵەکە لاسەنگ دەبێت و هەموو زەختەکە دەکەوێتە سەر بڕبڕەی پشت.. کاتێك ئەو ئامێزە یان ئەو کورسیە بە منداڵەوە هەڵدەگری بە داگرتنی دوگمەیەك وا دەکات کێشەکە لاسەنگ نەبێت هەموو بەشەکان وەك یەك بەریان بکەوێت.. ئامێزەکە هەر تەنیا ئەوە ئەنجام نادات، بەڵکو چەندین هەستەوەری تێدایە بۆ چاودێری منداڵ، وەك کاتێك منداڵەکە خۆی تەڕ دەکات، دایك و باوك ئاگادار دەکاتەوە، هەروەها هەنگاوەکانی هەڵگری منداڵەکە دەپێوێ، ئەگەر زۆر زیاتر لە ئامێزی دابوو، ئاگاداری دەکاتە کە بەسە منداڵەکە دابنێ..

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی فیلمی فێرکاری

هەڵگرتنەوەی فیلم لە شاشەی کۆمپیوتەر یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکان بۆ دروستکردنی فیلمی فێرکاری جا لە هەر بوارێکدا بێت. لەو شێوازەدا بەکارهێنەر لە نزیکەوە لەگەڵ پرۆگرامەکە ئاشنا دەبێت و بەشێوەی کرداری و تیۆری فێر دەبێت. گەلێك پرۆگرام هەن بۆ دروستکردنی فیلمی فێرکاری.. پرۆگرامی snagit یش یەکێکە لەو پرۆگرامانە.. پرۆگرامەکە بە ئاسانی و بە سادەیی دەتوانێت باشترین فێلمی فێرکاری پێ دروست بکرێت. بەشێك لە تواناکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:




- توانای هەڵگرتنەوە لە هەر بەشێکی دیسکتۆپ..
- داکردنی فیلمە تۆمارکراوەکە بە زۆربەی فۆرماتەکان بۆ ئەوەی کە کێشە نەبێت لە کاتی خوێندنەوەدا..
- سەیڤ کردنی وێنەکان بە زۆربەی فۆرماتە باوەکان..
- دانانی ئێفێکت لەسەر فیلمەکان..
- توانای زێدەکردنی دەق لەسەر فیلم یا شوێنی مەبەست.
- توانای دانانی شێوە ئەندازەییەکان.
- دانانی وێنەی جۆراوجۆر لەسەر وێنە یان فیلمە تۆمارکراوەکە، جگە لەوانەش تواناگەلێکی زۆرتری هەیە کە دەکرێت لەکاتی بەکارهێنانیدا تاقیبکەنەوە..




# ئەم سایتە گرنگە بناسن

ڕەنگە زۆربەتان کە سەرتان لە سایتێکی تایبەت داوە، داوای کردووە بۆ چوونە ناو سایتەکە و سوود وەرگرتن لە سایتەکە ناوی خۆتان بنووسن و ئەکاونت دابنێن و بە ناو و کۆدی نهێنیەوە نەبێت سایتەکە ناکرێتەوە..

سایتی Bugmenot.com بۆ نەهێشتنی ئەم کێشەیە داندراوە.. ئەدرەسەی ئەو سایتەی مەبەستتە بیکەوە لە بۆکسێکی تایبەتی سایتی ناوبراو دابنێ، سایتەکە خۆی یوزەرنەیم و پاسۆردی تایبەت بۆ چوونە ناو سایتەکەت دەداتێ..